# یاسای نرخاندنی یەکە کارەباییەکان وئامرازەکانی

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٧**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٠/١١/١٥**

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/١٥)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٠
## یاسای
## نرخاندنی یەکە کارەباییەکان وئامرازەکانی

**ماددەی یەکەم:**

وەزیری پیشەسازی و وزە بۆی هەیە نرخی یەکە کارەباییەکان و ئامراز(مستلزمات)ە کارەباییەکانی سەر بەوەزارەتەکە دابنێ و کرێی موحەوویلە کارەباییەکانیش کە هەن، دیاربکات.

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە ئەو نرخانەش دەگرێتەوە کە پێشتر وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە هەرێمدا ئیقراری کردووە.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی چوارەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی ئەم یاسایە بێ کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**